وەزارەتی کۆچبەران گەڕانەوەی 400 خێزانی ئاوارە بۆ زێدی خۆیان لە دیالە ڕاگەیاند

وەزارەتی کۆچ وکۆچبەران ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە 400 خێزانی ئاوارەی بۆ زێدی خۆیان لە دیالە گەڕاندووەتەوە.

وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:-کە نزیکەی 400 خێزانی ئاوارە بۆ زێدی خۆیان گەڕێنرانەوە لە گوندی نەهرئیمام لە ڕۆژهەڵاتی قەزای میقدادیە لە پارێزگای دیالە، ئەویش پاش ئەوەی لە مەترسی هێرشی تیرۆرستان پێش دووساڵ ئاوارەببوون.

وتیشی کە پڕۆسەی گەڕانەوەکە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی خۆجێییەکان و دەزگا ئەمنییەکان بەڕێوەچوو، پاش ئەوەی کە بارودۆخی ناوچەکە ئامادەکرا بۆ گەڕانەوەیان، ئاماژەشی بەوەکرد کە وەزارەت بەردەوامە لە ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەرزێدی باو وباپیرانیان لەسەرانسەری وڵاتدا